گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper14

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 15/02/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 25/04/2023
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# هۆزی دەربەندی لە باشوری كوردستان لە سەرەتای سەدەی18 تا ساڵی 1950

## توێژینەوەیەكی (مێژویی - كۆمەڵایەتی - زارەكی)ە

**ئەبوبەكر قادر ئەحمەد[١] - قارەمان نادر شێخ بزێنی[٢]**

Qaraman.Nadir@koyauniversity.org - Bakrqadr49@gmail.com

[١+٢] بەشی مێژو، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە،هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە ڕەچەڵەک و سەرەتای ژیانی دەربەندییەكان دەكات، كە لە ناوچەكانی كرماشان ژیاون و لە ئێستادا لەڕوی شێوەزار و كلتورەوە وەكو كۆمەڵەیەكی جیاواز لە دەوروبەریان خۆیان نمایش دەكەن، ئەمانە بە شێوەزاری كەڵهوڕی دەدوێن و لە ناوچەی ناودەروەندی كرماشانەوە كۆچیان كردوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوای سنورەكانی ئێران، تا گەیشتون بە ناوچەكانی نیشتەجێبونی ئێستایان، كە نزیک بە (34) گوند و ناوچەی جیاوازن و لە ئێستادا ناحیەی سێگردكان و دەوروبەری بە ناوەندی چڕبونەوەی دەربەندییەكان دادەنرێن.

هاوكات ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هۆكار و پاڵنەرەكانی پشت كۆچ و پەرتەوازەبونی دەربەندییەكان لە نیوەی دوەمی سەدەی 17 و سەرەتای سەدەی 18ز لە زێدی یەكەمی خۆیان، كە خۆی لە ململانێی هێزە باڵادەستەكان لە سەر پانتایی خاكی ئێران و ئاژاوەو جەنگی ناوچە سنورییەكان و سیاسەتی سەركوتكاری و چەوساندنەوەی ئەو هێزانە دەبینێتەوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە ڕێگاكانی هاتن و گەیشتنیان بە یەكەمین لانكەی نیشتەجێبونیان لە باشوری كوردستان، كە گوندەكانی ئۆمەرگومبەت، گۆڕقەرەج، كانی لەلە، سێگردكان، دواتریش بڵاوبونەوەی دەربەندییەكان بە ناوچە و گوندەكانی دەوروبەریاندا و ئاماژەدان بەدیارترین تیرەو تایەفە و بنەماڵەكانی دەربەندی.

**کلیله وشەکان:** دەربەندییەکان، هۆز، باشوری کوردستان، کرماشان، شێوەزاری کەڵهوڕی، ناوچەی ناودەروەند

## پێشەکی

هۆزی دەربەندی: ئەم هۆزە یەکێکە لەو هۆزانەی کە لە سنوری هەردو پارێزگای هەولێر و کەرکوکدا بڵاوبونەتەوە، بنەچەی ئەم هۆزە لە نیوەی یەکەمی سەدەی(18ز) لە ناوچەی ناودەروەندی کرماشانەوە هاتون و سەرەتا لە گوندەکانی (ئۆمەرگومبەت، کانی لەلە، گۆڕقەرەج، سێگردکان)، لە کەنار و ناوچەکانی ڕۆژئاوای زێی بچوک نیشتەجێبونە، کە لە ئێستادا ئەو ناوچانە بە ناوەندی نیشتەجێبون و چڕبونەوەی دەربەندییەکان دادەنرێن و دەکەونە چوارچێوەی یەکە کارگێڕییەکانی ناحیەی تەقتەق و ناحیەی سێگردکانی سەربە قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێر، بەدرێژایی ماوەی دوای گیرسانەوەیان لەو ناوچانە پەلوپۆیان بە ناوچەکانی دەوروبەریاندا کێشاوە، بەتایبەت سنوری گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی زێی بچوک لە پارێزگای کەرکوک و بەشێوەیەکی گشتیش بە سنوری (34) گوندی ناوچەکەدا بڵاوبونەتەوە.

**گرینگی توێژینەوەکە:** گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە یەکەمین توێژینەوەی وردی مێژویی کۆمەڵایەتی مەیدانیە دەربارەی بنەچە و مێژوی دەربەندییەکان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی مێژو و بنچینەی دەربەندییەکان نەنوسراوە و ئەوەشی کە هەیە یان بە شێوەیەکی زانستی نەنوسراوە یان ئەوەتا گشتگیر نییە و چەند لایەنێکی ژیانی دەربەندییەکانی تێدا فەرامۆش کراوە، بونی دەربەندییەکان لەم ناوچەیەی ئێستایان بەو جیاوازیانەی کە هەیانە لەڕوی شێوەزار و کلتوری تایبەت بە خۆیان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەریان فاکتەرێکی سەرنج ڕاکێش و پاڵنەرێکی بەهێزی ترە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە و بەدواداچونی ورد لە بارەی ژیان و گوزەران و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان، توێژەر ئەندامێکی سەربەو هۆزەیە و بەهەمان شێوەزاری دەربەندییەکان دەدوێ، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەری ترە بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان لەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم پاراستنی ئەو زانیاریە مێژوییانەیە کە لە سەر زاری کەسایەتیە بەساڵاچوەکانی دەربەندییەکان دەربارەی سەرەتای هاتنیان بۆ ئەم ناوچانە و زێدی یەکەمیان لە ناوچەکانی کرماشان بە شێوەی زارەکی بونی هەیە و داڕشتنەوەی کۆی ئەو زانیاریانە بە شێوەیەکی زانستی و ئاشناکردنی نەوەکانی ئێستا و داهاتو بەو زانیاریانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە زانیاری مێژویی زارەکی و مەیدانی بەستراوە.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:** هەمو توێژینەوەیەک لە کاتی ئەنجامدانیدا بەپێی جیاوازی بابەت و ئەو بوارەی کە توێژینەوکەی لە بارەوە ئەنجام دەدرێت دوچاری چەند گرفت و کۆسپێک دەبێتەوە، گرفتەکانیش بەپێی جیاوازی بابەتەکان جیاواز و جۆراوجۆرن، لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی دەربەندییەکانە لە باشوری کوردستان، دوچاری چەند گرفتێک بوینەوە، کە بەشێکیان گرفتی زەق و دیاربون، لەوانە: نەبون یان کەمی سەرچاوەی نوسراو دەربارەی بابەتەکە، بەشێوەیەک دەربەندییەکان کەمترین سەرچاوەی نوسراویان لەبارەوە بەردەستە، بۆ پڕکرنەوەی ئەم گرفتەش هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی مەیدانی زانیاریە زارەکیەکان کۆبکەینەوەو بەردەستیان بخەین لە ڕێگەی ئەو کەسایەتیانەی زانیاری زارەکیان لایە، پاش کۆکردنەوەو شەن و کەوکرنی زانیاریەکان دوبارە داڕشتنەوەیان لە چوارچێوەیەکی زانستی دروستدا. یەکێکی تر لەو گرفتانە بریتیبو لە ناڕونی سەرچاوەکانی زانیاری لەبارەی بنچینەی دەربەندییەکان لە ناوچەکانی کرماشان و پچڕانی پەیوەندی بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان ناوچەکانی نیشتەجێبونی ئێستایان لە باشوری کوردستان و زێدی خۆیان لە کرماشان، بەشێوەیەک پێویستی بە ئەنجامدانی بەدواداچونی ورد و گەشتی مەیدانی هەبو بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجامدانی بەراوردکاری لە نێوان شێوەزاری دەربەندییەکان و خەڵکی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، ئەم کارەش کارێکی فرە سەخت و پڕ زەحمەت بو.

**گرینگترین سەرچاوە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە:** لەگەڵ ئەوەی توێژینەوەکە زیاتر توێژینەوەیەکی زارەکیە و پشت بە وەرگرتنی زانیاری زارەکی کەسایەتیە جیاوازەکان بەستوە، بەڵام هاوکات پشتمان بە چەند سەرچاوەیەکی نوسراویش بەستوە، لە دیارترین سەرچاوانەش کتێبی (عەشیرەتی دەربەندی و مەلاکانی) نوسینی مەلا محەمەد صاڵح مەلا عومەر ئۆمەرگومبەتی، ئەم کتێبە بەشێوەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی وردە دەربارەی ژمارە و ڕۆڵی مەلا و زانا ئاینیەکانی دەربەندییەکان، (سێگردکان و سێبەرنشینەکانی) نوسینی ئاراس ئیلنجاغی،ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی مەیدانییە دەربارەی لایەنی مێژویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی ناحیەی سێگردکان و گوندەکانی سەربە ناحیەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی چەند سەرچاوەیەکی تر.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پێکهاتوە لە دو تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا ئاماژە دراوە بە ڕەچەڵەک و بنچینە و سەرەتای دەرکەوتنی دەربەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە دیاریکراویش ناوچەی ناودەروەند لە کرماشان و هۆکارو ڕێگاکانی کۆچکردنیان، لە تەوەری دوەمدا ئاماژەمان داوە بە پرۆسەی بڵاوبونەوەو نیشتەجێبونیان بۆ سەرجەم ناوچە و دێهاتەکانی دەوروبەریان.

## 1- ڕەچەڵەکی دەربەندییەکان

پێش ئەوەی بێینە سەر باسکردنی وردەکارییەکانی ڕەچەڵەکی هۆزی دەربەندی، پێویستە پێناسەیەکی کورتی چەمکی هۆز بکەین، کە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردی لە هۆز پێکهاتوە و ڕۆڵی گەورەی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگادا بینیوە، هۆزەکان لە چەند تۆپەڵێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی بچوک پێکدێن کە خۆی دەبینێتەوە لە خێزانەکان، چەند خێزانێکی نزیک و هاوئاهەنگ کە بۆ یەک بەرەباب دەگەڕێنەوە پێیاندەڵێن تیرە، کۆبونەوەی تیرەکانیش کە بەهەمان شێوە خاڵە هاوبەشەکان و پەیوەندی خوێن لێکینزیک کردونەتەوە هۆز پێکدەهێنن، گومان لەوەدا نییە کە پێداویستییەکانی گوزەران، مرۆڤەکانی ناچار بە دروستبونی پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و بەتین لەنێوان خۆیاندا کردوە، هۆکاری پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیەکان لە گرینگترین فاکتەرەکانی دروست بونی ئەم ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەن، هەر ئەم هۆکارەش بە پێکهێنەری بنچینەی هۆز و هۆزایەتی دادەنرێت (شوانی، 2016: 21؛ سەرگەینێلی، 2019: 90)، لەم بارەیەوە عەبدولرەحمان قاسملو پێیوایە: ((عەشیرەت یان هۆز لە کوردستاندا لە ((بەرە)) یا ((تیرە)) پێکدێت، کە ئەویش بۆ بنەماڵە و بنەماڵەش بۆ بەرەباب دابەش دەکرێ، سەرۆکی عەشیرەت مەزن یا میر یا بەگە و سەرۆکی بەرەبابیش ئاغایە)) (2007، 126).

بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان دەربەندییەکان لەناوچەکانی کرماشان و دەربەندی شاهۆ لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتون (ئۆمەرگومبەتی،9:2019 ؛ حمدامین شیرین[i]: ٢٠٢٢؛ مولود1[ii]: ٢٠٢٢).

سەرچاوەکان دەریدەخەن کە لە سنوری کرماشان و ناوچەکە هیچ شوێنێک بونی نییە بەناوی دەربەندی شاهۆ، بەڵکو ئەوەی هەیە ناوچەی شاهۆ و (شاخی شاهۆ)[iii] و ناودەروەندە، شێوەزاری دانیشتوانی ناوچەی شاهۆش جیاوازە لە شێوەزاری دەربەندییەکان و خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشێوەزاری (هەورامی – گۆرانی) دەدوێن و لە دێرینەوە ئەو ناوچەیە هەر هەورامی زمان بونە و دواتریش جافەکان هاتونەتە ناوچەکە. (زەحمەتکێش: ٢٠٢٢)[iv].

دەربارەی ناوچەی ناودەروەندیش بەو دەشتە دەگوترێت کە لە ناوچەی کامیارانەوە لە سنوری پارێزگای سنە تا باکوری شاری کرماشان درێژ دەبێتەوە، هەر ئەم ناودەروەندە ژمارەیەکی زۆر لەعەشیرەت و قەبیلەی جۆراو جۆری تێدایە و بەنزیکراوەیی سەروی(١٠٠) گوند لەخۆدەگرێت، ناوچەی شاهۆش لەگەڵ ناودەروەند دو ناوچەی نزیکن لەیەکترو تێک هەڵکێشراون (یارمحەمەد: ٢٠٢٢)[v].

ڕەنگە دەربەندییەکان لە سەرەتاوە ئاماژەیان بەوەکردبێ کە لە ناوچەکانی ناودەروەند و شاهۆوە هاتون و پاشان ئەم دەربڕینە گۆڕاوە بۆ (دەربەندی شاهۆ) سەبارەت بە وشەی دەربەند کە وابەستەیە بە

دەربەندییەکان بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەناوی یەکێک لەو دەربەندانەوە هاتوە کە لە سنوری کرماشاندا بونیان هەیە، لە دیارترین ئەو دەربەندانەش کە (محەمەد ئەحمەد ئەسەدوڵلا[vi]) کەسایەتی دەڤەرەکەو دانیشتوی شارۆچکەی سەحنەی سەربە کرماشان ئاماژەی پێدەکات ئەم دەربەندانەن:

دەربەندی گەڕوس: کە دەکەوێتە سنوری نێوان کرماشان و لوڕستان، بەدوری ٨٠ کیلۆمەترلە ناوەندی شاری کرماشانەوە دورە و لەڕوی کارگێڕیەوە سەربە نورئاباد و پارێزگای کرماشانە.

دەربەندی تاق وەسان: کە سەرچاوەی ئاو و ئاسەواری سەردەمی هەخامەنشینیەکانی تێدایە، دەکەوێتەوە سنوری ناوەندی پارێزگای کرماشان.

دەربەند یان سەراب نیلوفەر: بەدوری ١٥ کیلۆمەتر بەئاراستەی باکوری کرماشان لە ناوەندی شاری کرماشانەوە دورە.

دەربەندی ڕێژاو: دەکەوێتە نێوان شارەکانی ئیسلام ئاباد و کەرەند و سەرپیلی زەهاو بەدوری نزیکەی ١١٠ کیلۆمەتر بەئاراستەی ڕۆژئاوای شاری کرماشان، دانیشتوانەکەی بەزۆری یارسانن.

دەربەندی ڕەوانسەر: بە دوری نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری شاری کرماشان.

ناو دەروەند: دەشتێکە دەکەوێتە نێوان هەردو پارێزگای سنەو کرماشان، لەکرماشان تا شاری کامیاران بە ئاراستەی باکوری کرماشان درێژ دەبێتەوە (٢٠٢٢).

هەر لەناوچەکانی ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوای کرماشان دەربەندجق و دەربەندەهۆڵ بونیان هەیە (زەحمەتکێش: ٢٠٢٢).

دەربەندی سەحنە: ئەم دەربەندە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کرماشان و نێوان شاری کەنگاوەر و بێستون، خەڵکەکەی سەر بە هۆزی کەلهوڕ و لەکن(سەرمەستی:2022)[vii].

گومان لەوەدا نییە ناوی دەربەندییەکان لەناوی یەکێک لەم دەربەندانەوە وەرگیراوە، بە دڵنیاییەوە گونجاوترین دەربەندێک کە دەکرێ ناوی دەربەندییەکانی لێوەرگیرابێ ناوچەی(ناودەروەندە).

لەناوچەکانی ناودەروەند هۆزەکانی (هەمەوەند و گوێ کوڕی و کەمانگەر و سنجاوی و نانەکەلی و شوانکارە) بونیان هەیە، جگە لەو هۆزانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا کە بەتێکەڵی لە دەڤەرەکەدا بڵاوبونەتەوە (زەحمەتکێش: ٢٠٢٢).

لە نێو ئەم هۆزانەدا دەربەندییەکان خۆیان بە ژێر لقی کەلهوڕ دەزانن لە ڕوی شێوەزاریشەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەرشێوەزاری کەلهوڕی(ئیلینجاغی ٢٠١٤،2: ٢٠)

یەکێکی تر لەو هۆزانەی کەلە ناوچەکەدا ڕۆڵ و پێگەیان هەبوە، هۆزی (باجەلان)ە کە باپیرە گەورەیان ناوی عەبدال بەگی باجەلانە و لەدەوروبەری ساڵی(١٦٣٠)ز لە هەرێمی (دیاربەکر)ەوە کۆچیان کردوە بۆ ناوچەی زەهاو، دەوڵەتی عوسمانی زەهاویان پێدەبەخشێت لەبەرامبەر ناچارکردنیان بەپێدانی باجی ساڵانە و (٢٠٠٠) ئەسپ سوار بۆ سوپای عوسمانی لەکاتی بانگهێشتکردندا، (سۆن،2007:38؛ خورشید،1979:21).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دەربەندییەکان و هۆزی باجەڵان دو بۆچونی جیاواز هەیە، بۆچونێک پێی وایە کە جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان دەربەندییەکان و باجەلانەکان بونی هەیە و پاساو و بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچونەیان ئەوەیە کە دەربەندی و باجەڵانەکان هەردو لایان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتون(ئۆمەر:٢٠٢٢)[viii] .هەرچەندە لەماوەی نزیکەی (30)ساڵی ڕابردودا بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە جۆرێک لەپەیوەندی و نزیکایەتی لەم نێوانەدا بونی هەیە، بەڵام لە ئەنجامی بەدواداچونی وردمان بۆ ئەم بابەتە و لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستی مێژویی ئەم بۆچونە پشت ڕاست ناکاتەوە، هەر بۆیەش بە ڕای ئێمە ئەم بۆچونە بۆچونێکی لاوازە.

سەربارى ئەم بۆچونە بەشی هەرە زۆری دەربەندییەکان ئاماژە بەوە دەکەن هیچ جۆرێک لە پەیوەندی و نزیکایەتی لە نێوان دەربەندی و باجەلانیەکاندا بونی نییە، پاساویشیان بۆ ئەم بۆچونەیان ئەوەیە کە لە ڕابردوداو لە باپیرانیانەوە کەمترین زانیاریان لەبارەی پەیوەندی و خزمایەتیان بە باجەڵانەوە پێنەگەیشتوە و گوێبیست نەبونە، تەنانەت بە هیچ شێوەیەک لە باوانیانەوە گوێبیستی وشەی (باجەلان)یش نەبونە (حەسەن: ٢٠٢٢)[ix] .

لە ڕاستیدا لەڕوی زانستیشەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕونی مێژویی لەبەردەستدانییە بیسەلمێنێت بنەچەی دەربەندییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی باجەلان، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە شێوازی قسەکردن و مەڵبەندی نیشتەجێبونی دەربەندییەکان و باجەڵانیەکان بونی هەیە لە ئێستا و پێش کۆچکردنیان بۆ شوێنی نیشتەجێبونی ئێستایان، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا دەربەندییەکان لە ناوچەی ناودەروەندی نزیک ناوچەی شاهۆ هاتون، بەڵام ناوەندی دەسەڵات و نیشتەجێبونی باجەلانەکان شاری مێژویی زەهاو بوە (خەیات،٢٠١٤ : ٦).

لەڕوی شێوەزاریشەوە باجەڵانەکان تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ هۆزەکانی زەنگەنەو سارلی و کاکەیی و تایەفەی شەبەکدا یەک شێوەزار کۆیان دەکاتەوە ئەویش شێوەزاری ماچۆی گۆرانییە (ئیدمۆندس، 2004:30؛ باوەڕ،٢٠١٧: ١٥)، بەڵام دەربەندییەکان بێچوەزارەکەیان بە بەشێک لە شێوەزاری کەلهوڕی دادەنێن و بەشێوەزاری کەلهوڕی قسەدەکەن( ئیلنجاغی2، 2014: 20).

تەنانەت بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن کە سەردەمی کۆچی هەریەک لە دەربەندی و باجەلانەکان لە ناوچەکانی ناودەروەند و زەهاو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە(عێراقی ئێستا) لێک جیاوازە و هەریەکەیان لە سەردەمێکی جیاوازدا کۆچیان کردوە، بەگشتی سەردەمی کۆچی باجەڵانەکان دەگەڕێتەوە بۆ دوای هێرشی نادرشای ئەفشار(1736-1747)ز لە چارەکی دوەمی سەدەی هەژدەیەمی زاینی و ئەو کوشتارەی بەرامبەر باجەڵانەکان ئەنجامی دا لە ناوچەی پاتاق لەنزیک سەرپیلی زەهاو ودەستگیرکردن و کوشتنی ئەحمەد پاشای سەرکردەی باجەڵانەکان، ئەم شکستە گەورەیە کاریگەری زۆری هەبو لەسەر کەمکردنەوە و لاوازکردنی دەسەڵاتی میرانی باجەڵان لە دەڤەرەکە بەشێوەیەکی گشتی وبەتایبەت لەناوچەکانی زەهاو کە مەڵبەندی سەرەکی دەسەڵاتی باجەڵانەکان بو، ئەم شکستە بوە هۆی ڕودانی لێکترازان و جیابونەوە لە ڕیزەکانی هۆزی باجەڵان وەکو جیابونەوەی تایەفەی(جمور) و بەزۆر کۆچپێکردنی بەشێکی تری ئەندامانی سەر بەم هۆزە بۆ شارو ناوچە دورە دەستەکانی: ئەسفەهان، بروجەرد،سیلاخۆر، درود، شاری هیراتی وڵاتی ئەفغانستان، تەنانەت ئەم شکستە ئەوەندە کاریگەر بو لێکترازانی لەباری ئاینی و مەزهەبیشی لەڕیزەکانی باجەڵاندا دروست کرد، بەشێوەیەک بەشێک لە باجەڵانەکان(سونە) و بەشێکیان سەربە ڕێبازی(ئەهلی حەق) و بەشێکیشیان سەربە مەزهەبی شیعەن (ئەحمەدومراد،51:2011؛ باجەڵان،2014: ٦٠-٦١؛ باوەڕ،2017: ٣٣).

سەبارەت بەسەردەمی کۆچی دەربەندییەکان بۆ ناوچەکانی نیشتەجێبونی ئێستایان، بەپێی بەڵگەنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زوتر لەسەردەمی کۆچی باجەڵانەکان، بەپێی ئەو زانیاریەی کە (مەلا ئەحمەد ئیبراهیم)(x) بە دەستنوسی خۆی لە بارەی ساڵی لەدایکبونی خۆیەوە نوسیویەتی و وێنەی دەستنوسەکەی لە کتێبی (حدائق الدقائق في - انموزج - لجارالله) بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ناوبراو لەساڵی(١٢٠٨) کۆچی لەدایکبوە کە بەرامبەرە بەساڵی(١٧٩٣ز) ( ئۆمەرگومبەتی،2019: 245).

بەو پێیەش کە (مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی مەلا ئەبوبەکری کوڕی مەلا نورەدین کوڕی مەلا هاشمی کوڕی جومعە دەربەندی)ە و بەشەش پشت دەگاتەوە جومعە دەربەندی باپیرە گەورەی دەربەندییەکان، ئەگەر بۆ جیاوازی هەر پشتێک(30) ساڵ ماوە دابنێین، ئەوا لە(مەلا ئەحمەد) کە لە ساڵی(١٢٠٨ک، ١٧٩٣ز) لەدایکبوە تا جومعە دەربەندی دەکاتە (١٥٠) ساڵ، لەئەنجامی ئەمەشدا بە ڕونی دەردەکەوێت کە مێژوی لەدایکبونی جومعە دەربەندی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی (١٦٤٣ز)، کە هاوکاتە لەگەڵ سەرەتاکانی دەسەڵاتی شا عەباسی دوەمی سەفەوی لە ئێران(ئۆمەرگومبەتی،2019: ١٤3؛ سێیڤری،350:2006).

ئەم ڕێکەوتەش بەچەند ساڵێکی کەم نزیکە لە ڕێکەوتی هاتنی باجەڵانەکان بۆ ناوچەکە، وەک چۆن پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە لە ساڵی(١٦٣٠) لەلایەن سوڵتان مورادی چوارەمەوە هێنراون، دوای دورخستنەوەی هۆزی کەلهوڕ لە دەسەڵاتداریێتی دەڤەرەکە، پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە دەدرێت بە باجەڵانەکان(باجەڵان،2014: ١٦)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ساڵی لەدایکبونی جومعە دەربەندی کە پێشتر ئاماژەی پێدرا دەردەکەوێت کە لەکاتی هێرشی سوپای نادرشای ئەفشار بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی باجەڵانەکان تەمەنی (جومعە)ی باپیرە گەورەی دەربەندییەکان دەوروبەری (90) ساڵ بوە بێگومان ئەم تەمەنەش یارمەتیدەر و گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی کۆچێکی دورودرێژی لەو شێوەیە، بەتایبەتیش بۆ ئەو سەردەمە کە هۆکارەکانی گواستنەوە لە ئاستێکی پێشکەوتودا نەبوە، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە سەردەمی کۆچی دەربەندییەکان پێش کۆچی باجەڵانەکان کەوتوە و هاوکاتی یەکترنین.

## 2- هۆکارەکانی کۆچکردنی دەربەندییەکان

**یەکەم:** سەبارەت بەهۆکارەکانی کۆچی دەربەندییەکان (عومەر حەمەدەمین ئامین)[xi] لەکەسانی پێش خۆی دەگێڕێتەوە کە دەربەندییەکان بەهۆی ئەوەی ئامادەنەبون باج بدەن بەدەسەڵاتی ئەو کاتەی ئێران، ڕوبەڕوبونەوە لەنێوانیاندا ڕویداوە، دوای ئەوە ناچاردەبن زێدی خۆیان جێبهێڵن و بەرەو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کۆچ دەکەن(عومەر حەمەدەمین ئامین:2022).

**دوەم:** سیاسەتی سەفەویەکان لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە(1501ز) تا کۆتایی دەسەڵاتیان بارودۆخێکی وای خوڵقاند کە سیاسەتی پاڵپێوەنان و دورخستنەوەی هەمو ئەو هێزانە بێت کە جیاواز لەوان بیردەکەنەوە، لەو چوار چێوەیەدا سیاسەتەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی(1501–1524ز) دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی بەسەپاندنی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی بەسەر سەرجەم خەڵکی ئێراندا وەک تاکە مەزهەبێکی سەپێنراو و زۆرەملێ لەسەرانسەری ئێراندا و پەیڕەوکردنی سیاسەتی توند و بێ بەزەییانە و درێژەدانی ئەم جۆرە لەسیاسەت و هەڵسوکەوتە لەسەردەمی پاشاکانی تری سەفەوی، بەتایبەتی لەسەردەمی شا عەباسی یەکەمی سەفەوی(1587–1629ز) دا، کاریگەری گەورەی دروستکرد بۆ دروست بونی کۆچوڕەوی هەمو ئەو هۆز و پێکهاتانەی کەئەم جۆرە سیاسەتەیان پێ قبوڵ نەدەکرا (الجاف،18:2008؛ تەققوش،2012: 65،189).

**سێیەم:** دەربارەی بابەتی کۆچ و دورخستنەوەی تایەفە و عەشیرەتەکان مەزاهر باجەڵان دەڵێت: ((سەرەتای نەریتی دورخستنەوەی تایەفەو عەشیرەتەکان لە سەردەمی سەفەویدا دەستیپێکرد و لەسەردەمانی دوایدا

ئەم نەریتە درێژەی پێدراو بو بە باو، بەگشتی ئەم جۆرە لەسیاسەتە لەلای دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە باو بوە و بەمەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی عەشیرەتەکان پەنایان بۆ بردوە» (باجەڵان، 2014: ٦٢)، ئەم هۆکارەش دەکرێ وەکو هۆکارێکی کاریگەری پشت کۆچی دەربەندیەکان ڕۆڵی گەورەی بینیبێت.

**چوارەم:** جگە لەوە ناکۆکی و شەڕوپێکدادانەکانی سوپای عوسمانی و بنەماڵە دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران، کە بەزۆری ناوچە سنورییەکانی ئێستای ئێران و عێراق شوێنی یەکلاکردنەوەی ئەو جەنگ و ناکۆکیانە بون، کاریگەری لەسەر ناجێگیری بەردەوامی ئاسایشی ئەو ناوچانە هەبو، ئەمەش دەکرێ وەکو هۆکارێکی دروستبونی کۆچی دانیشتوانی ئەو ناوچانە سەیر بکرێت (مەکداول،2019: ٥٦)، دواتر دزەکردنی هێزەکانی ئەفغان بەسەرۆکایەتی مەحمودخان و دەست ڕاگەیشتنی بەشاری ئەسفەهان و شارەکانی تری قوڵایی ئێران و ئەو سیاسەتە لە ڕادەبەدەر توندوتیژەی کە لەلایەن ئەفغانییەکانەوە بەرامبەر بە خەڵکی ئێران بەکارهات و بڵاوبونەوەی برسیەتی و قاتوقڕی بەئەندازەیەک، کەخەڵکی زۆر لە برسان مردن (مکاريوس، 2003: ١٨١؛ جاف،2008: ٦٠؛ الزبيدي: ٨)، ئەم بارودۆخەش لەڕوی مرۆییەوە نائارامیەکی گەورەی لەسەر ژیانی تاکەکانی نیشتەجێی دەڤەرەکە دروست کرد، هاوکات بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەوەی ناکرێ ئەوان وەکو هێزێکی سونی دژایەتیان بکرێت، لەناو کورد و سەرکردە کوردیەکان و هۆزە کوردەکاندا لایەنگر و پاڵپشتیان بۆ خۆیان بەدەستهێنا، ئەم کارەش دواجار بێ لایەنی هۆزە کوردیەکانی لەدەستدا و بەکردەوە بون بەبەشێک لەو ململانێ سەربازیە (ئەمین زەکی، 2004: ١٤٧).

**پێنجەم:** سەرباری شەڕو ململانێی لەگەڵ ڕوسیا و کاریگەری کاولکارییەکانی جەنگەکانی ناوخۆ، کە سەراپای خاکی ئێرانی کردبوە گۆڕەپانی شانۆیەکی تراژیدی، بەشێوەیەک چەندین شار و گوند سوتێنران و وێرانکران، تەنها ناویان لە مێژودا مایەوە، دواتریش کارە شەڕانی و دڕندەییەکانی نادر شای ئەفشار سەرجەمیان بارودۆخێکی نائارامی وایان هێنایە ئاراوە کە ژیان تێیدا ئەستەم بێت(ولبر،1985 :٩٥؛ اشتياني،2009: ٦٦٠؛ نەوار، 2020: ٩١).

دەکرێ هەمو ئەو هۆکارانەی کەلە پێشەوە باسکران ببن بەفاکتەری کاریگەر بۆ دروستبونی ئاشوب و سەرەنجامیش کۆچ و سەرلێشێواوی خەڵکەکەی لێ بکەوێتەوە، ڕەنگە هەر ئەم هۆکارانەش لەپشتی هاتن و ئاوارەبونی دەربەندییەکان بن لە زێدی خۆیانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبونی ئێستایان.

## 3- ڕێگاکانی کۆچی دەربەندیەکان بۆ باشوری کوردستان

سەبارەت بەئاراستەی ڕێگای هاتنی دەربەندییەکان لە ناودەروەندەوە بۆ سنورەکانی عێراقی ئێستا چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە:

یەکەم: بەشێک پێیانوایە دوای جێهێشتنی زێدی خۆیان لە ناوچەی ناودەروەندی کرماشان بەئاراستەی ڕۆژئاوا هەنگاویان ناوە و لەسنوری خانەقین و کەلار بۆ ناوچەکانی کەرکوک (چیمەن، بانی نەرمە، وەکاشە، سالەیی، پردێ) هاتون (عەلی2[xii] :٢٠٢٢؛ ابراهیم[xiii] :٢٠٢٢؛ مەولود2[xiv]: ٢٠٢٢).

دوەم: بەشێکیتر پێیان وایە دوای تێپەڕاندنی سنوری عێراقی ئێستا لەناوچەی خانەقین ڕاستەوخۆ هاتون بۆ ناوچەی (بەکرەجۆ) لە سلێمانی و پاشان بەرەو قەڵادزێ و دواتریش بۆ ناوچەی خەلەکان لەنزیک شارۆچکەی دوکان، ئینجا گەیشتون بەشوێنی نیشتەجێبونی ئێستایان لە ناحیەی سێگردکان (عەبدوڵا[xv]: ٢٠٢٢؛ حەمەدەمین[xvi]:٢٠٢٢؛ لالە محەمەد[xvii]: ٢٠٢٢).

سێیەم: (محەمەد حەمەدەمین مەولود)[xviii] پێیوایە: «خاڵی هاتنە ناوەوەی دەربەندییەکان بۆ سنوری عێراقی ئێستا خاڵی سنوریی باشماخ و ناوچەی پێنجوێنە و پاشان هاتون بۆ ناوچەکانی سەیدسادق و بەکرەجۆ».

چوارەم: هەر لەو چوارچێوەیەدا (عومەر حەمەدەمین عەلی)[xix] دەڵێت: دەربەندییەکان دوای جێهێشتنی ناوچەکانی کرماشان لە پێنجوێنەوە هاتونەتە ناو سنوری باشوری کوردستان، پاشان لە درێژەی کۆچەکەیاندا گەیشتون بە ناوچەکانی عەربەت و بەکرەجۆ، لەوێشەوە هاتون بەرەو سنوری ئێستای پارێزگای کەرکوک و لە ناوچەی شوان و گوندی جگیلەوە لە زێی بچوک پەڕیونەتەوە بۆ گوندی گەرمکی سەربە ناحیەی تەقتەق و پاشان بۆ گوندی گۆڕقەرەج و ئۆمەر گومبەتی سەربە ناحیەی سێگردکان هاتون.

## 4- بڵاوبونەوە و دابەشبونی دەربەندییەکان

جومعە دەربەندی کە باپیرە گەورەی دەربەندییەکانە، دوای چەندین قۆناغ لە کۆچ ڕەوی خۆی و کەسە نزیکەکانی بەردەوام بون تا گەیشتونەتە ئەو ناوچەیەی لە ئێستادا دەربەندییەکانی تێدا نیشتەجێن، دەربارەی دیاریکردنی یەکەم شوێن کە دەربەندییەکان باروبارگەیان تێدا خستوە چەند بۆچونێک هەیە: یەکێک لەو بۆچونانە کە لە زاری پیاوە بەتەمەنەکانەوە بۆمان دەگێڕنەوە، باس لەوە دەکەن کە سەرەتا دەربەندییەکان لەشوێنی ئێستای گوندی (مەرزان)[xx] نیشتەجێبونە و پاشان هاتونەتە شوێنێک بەناوی (شیو ئومەرەکوشیاو) یان (کاولانی ئۆمەر گومبەت) کە لە ئێستادا بەشێکە لەسنوری گوندی ئۆمەرگومبەت، دوای مردنی (جومعە) تەرمەکەیان بردۆتەوە کانی قەبرانی مەرزان و لەوێ نێژراوە، تا ئیستاش شوێنەواری گۆڕی جومعە دەربەندی لەو شوێنەدا ماوە (حەمەسور[xxi]: ٢٠٢٢؛ عوسمان١[xxii]: ٢٠٢٢؛ حمدامین شیرین: ٢٠٢٢).

بۆچونێکیتر پێیانوایە کە سەرەتا دەربەندییەکان هاتونەتە گوندی گۆڕقەرەج و لەوێ نیشتەجێبونە و هاوینەهەواریان کانی لەلە بوە و لەزستانیشدا گەڕاونەتەوە بۆ گۆڕقەرەج (عەلی١[xxiii]: ٢٠٢٢؛ عەلی٣[xxiv]:

٢٠٢٢)، بۆچونێکی تر پێیوایە یەکەم شوێنی نیشتەجێبونی دەربەندییەکان (بەغارە) بوە لە سنوری ئێستای گوندی کانی لەلە، کە لە ئێستادا سەربە ناحیەی تەقتەقە (عەبدوڵا[xxv] : ٢٠٢٢؛ ئەحمەد٣[xxvi]: ٢٠٢٢).

بەلێکدانەوەی ئێمە هەرسێ بۆچونەکە نزیکن لە ڕاستیەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو ناوچەو گوندانەی ئاماژەیان پێدەکرێت زۆر نزیکن لەیەکتر، لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێ بڵێین دەربەندییەکان تا جێگربونیان لەو ناوچەیەدا لە جموجۆڵی بەردەوامدا بونە تا لەیەکێک لەو شوێنانە گیرساونەتەوە.

سەبارەت بەشوێنی نیشتەجێبون و بڵاوبونەوەی دەربەندییەکان گیوی موکریانی لە فەرهەنگی کوردستاندا دەڵێت: «دەربەندییەکان سێ دێیان هەیە لەلای کۆیە کە ئەمانەن: (ئۆمەرگونبەت، سێگردکان، کانی لەلە)، ئەم دێیانە ڕێگای شەش کاژمێران بەپێیان لەشاری کۆیە دورن» (417:1999).

دەبلێو ئاڕ های لە کتێبەکەیدا بەناوی (دو ساڵ لە کوردستان) بە (دەربەندلس) ناویان دەبات و ئاماژە بەوە دەکات کە لە چەند دێیەکی کەناری زێی بچوک نیشتەجێبونە (41:2016)

لەڕوی کارگێڕیشەوە ئەم دێیانە کە بەناوەندی نیشتەجێبون و بڵاوبونەوەی دەربەندییەکان دادەنرێن پێشتر سەر بەناحیەی تەقتەق و قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێربون (غەفور، 23:2018)،. بەڵام لەئێستادا ئۆمەرگومبەت و سێگردکان دەکەونە چوارچێوەی یەکەی کارگێڕی ناحیەی سێگردکان، کەلە ساڵی(٢٠٠٥)بوە بەناحیە و سەر بە قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێرە (ئیلنجاغی١، 2014 : 15).

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردن و هەڵوێستە لەسەرکردنە، بەشێک لە سەرچاوە مێژووییەکان دەربەندییەکانیان وەکو بەشێک لە هۆزی شێخ بزێنی ئەژمارکردوە و سەرجەم گوندەکانی بەری ڕاستی زێی بچوک، وەکو گوندەکانی ئۆمەرگومبەت و سێگردکان و کانی لەلەیان لە چوارچێوەی ئەو هۆزەدا داناوە (خورشید، 114:1979؛ العزاوي:٣٢٦؛ کەرکوکی، 3:2021)، بەڵام لە ڕاستیدا دەربەندییەکان و شێخ بزێنییەکان لە بنەچەدا لەیەکتر جیاوازن، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ڕەگ و ڕەچەڵەکی دەربەندییەکان بۆ ناوچەکانی ناودەروەند لە سنوری کرماشان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەرچی هۆزی شێخ بزێنیە بنەچەیان بۆ ناوچەکانی باکوری کوردستان دەگەڕێتەوە و لەوێوە بەرەو ئەو پانتاییە جوگرافیەی ئێستایان کۆچیان کردوە(شێخ بزێنی،99:2014).

دیارترین هۆکاری ئەم تێکەڵاوبونەش بەپێی وتەی دەربەندییەکان ئەوەبوە خۆیان لە ئێرانەوە هاتون و لەم ناوچانە نیشتەجێبونە، بۆ مانەوە و پاراستنی خۆیان لە دەستدرێژی هۆزەکانی تر و دورخستنەوەی مەترسی ڕاگواستن و دەرکردن لەلایەن دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی ناوچەکەوە، لەسەرجەم نوسراوە فەرمی و دەوڵەتییەکان خۆیان داوەتەپاڵ هۆزی شێخ بزێنی و وەکو بەشێک لەو هۆزە ناوی خۆیان تۆمارکردوە

(عەلی٢: ٢٠٢٢)، ئەوەی ئەم بۆچونە بەهێزتر دەکات هۆزی شێخ بزێنی لە زیاتر لە (60) گوند پێکهاتون و ژمارەی دانیشتوانیان چەند هێندەی دەربەندییەکانی دەڤەرەکە بو، بۆیە دەکرێ وەکو پەناگە خۆیان دابێتەپاڵ شێخ بزێنیەکان (شێخ بزێنی، 95:2015)، بەو پێیەی کە هۆزی شێخ بزێنی هۆزێکی گەورەی شەڕانگێز وتێکدەر و دزی بەناوبانگ بون، لە هەمان کاتدا زۆر زیرەک و سوارچاکی مەزن بون و چەکی لە جۆری مارتینی هێنریان دروستدەکرد. (مراد,2005: 72-73؛ سایکس,46:2022)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانەدا و بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی و بەیەکداچون و تێکەڵاوی شوێنی جوگرافی و مەڵبەندەکانی نیشتەجێبونی شێخ بزێنیەکان و دەربەندییەکان کە پەیوەندی دۆستایەتی نێوانیانی بەهێزتر کردوە، دەکرێ وەکو یەکێک لەهۆکارەکانی ونبون و توانەوەی دەربەندییەکان لە هۆزی شێخ بزێنیدا هاوشانی هۆکارەکانی تر ئاماژەی پێ بکەین.

لە ڕوی شێوەزارو ئاخاوتنیشەوە دەربەندییەکان بە شێوازێک دەدوێن کە دراوسێکانیشیان بەباشی لێیان تێناگەن (های، 41:2016)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم هۆزە بنەچە و ڕەچەڵەکی جیاوازە لە هۆزەکانی تری ناوچەکە.

بەهەمان شێوە (محەمەد ڕەشید باجەلانی) لەکتێبەکەیدا کە دەربارەی مێژوی هۆزی باجەلان نوسیویەتی، دەربەندییەکانی ناحیەی (سێگردکان و گوندەکانی ئۆمەرگومەت و کانی لەلەو گەرمک و مخۆڕەس و کانی ڕەش و شیوەجانی)(xxvii) وەکو بەشێک لەهۆزی باجەلان ئەژمارکردوە، لەکاتێکدا پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد و ڕونمان کردەوە کە هیچ بەڵگەیەکی ڕون و مێژویی لەبەردەستدانیە یەکبونی بنەچەی دەربەندییەکان و باجەلان بسەلمێنێت(باجلان، 106:2018).

دوای زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی دەربەندییەکان و پێویستیان بۆ زەوی فراوانتر لەو ڕوبەرەی کە تێیدا نیشتەجێبون بۆ کاری کشتوکاڵی و لەوەڕگا بیریان لە پەلهاویشتن و بڵاوبونەوە کردۆتەوە بەناوچەکانی دەوروبەریاندا، لەو چوارچێوەیەشدا جگە لە گوندی ئۆمەرگومبەت کە لە ئێستادا سەربە ناحیەی سێگردکانە و بە ناوەندی جێگیربون و نفوزی دەربەندییەکان دادەنرێت، بە ژمارەیەکی زۆر لە گوند و ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەریاندا بڵاوبونەتەوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە3)، لەو چوارچێوەیەدا بەرەو گوندی کانی لەلە هەنگاویان ناوە و لەشوێنێک بەناوی (بەغارە) کە لە ئێستاشدا بەشێکە لە سنوری گوندی کانی لەلە نیشتەجێ دەبن، پاشان لەشوێنی ئێستای گوندی کانی لەلە گوندێک بنیاتدەنێن و ناوی گوندەکەش لەناوی ئەو کانییەوە وەرگیراوە کەناوی(کانی لەیلا)بوە، لە بنچینەدا ناوی ئەو کانیە لەناوی یەکێک لە کچەکانی دەربەندییەکان خۆیان وەرگیراوە کەناوی لەیلا بوە، ئەم گوندە لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بەناحیەی تەقتەق و قەزای کۆیەیە(غەفور،2018: ٢٣؛ کانی لەلەیی(xxviii) : ٢٠٢٢).

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گوندی کانی لەلە پێش هاتنی دەربەندییەکان وەکو گوند بونی نەبوە و ئەوان بەبنیاتنەری ئەم گوندە دادەنرێن، دەربەندییەکانی گوندی کانی لەلە لەچەند بنەماڵەیەک پێکدێن و لە بنچینەدا زۆربەیان دەچنەوە سەر یەک بەرەبابی هاوبەش، لەدیارترین ئەو بنەماڵانەش بریتین لە:

*بنەماڵەی مام حمەڕەش

*بنەماڵەی مام عەوڵای مەولود

*بنەماڵەی فەقێ نەجیم

*بنەماڵەی حەمەدەمین خدر ئەلیاس

*بنەماڵەی ئەحمەد یوسف

*بنەماڵەی مەلا فاتیح کە دواتر چونەتە گوندی قولی بەگ

*بنەماڵەی سمایل ئۆمەری، ئەم بنەماڵەیەش دواتر کانی لەلەیان جێهێشتوە (ئەحمەد٢[xxix]: ٢٠٢٢ ؛ دەربەندی[xxx]:٢٠٢٢)

جگە لە دەربەندییەکان لە گوندی کانی لەلە بەشێک لە هۆزەکانی هەمەوەند و شوان و گۆران و مەنتک و شێخ بزێنی نیشتەجێبونە، بەڵام سەرجەمی ئەمانە بەچەند قۆناغێکی جیاواز لەدوای دەربەندییەکان بۆ گوندەکە هاتون (دەربەندی: ٢٠٢٢)

هەرلەچوارچێوەی پەلهاویشتن و بڵاوبونەوەی دەربەندییەکان بەگوند و ناوچەکانی دەوروبەریاندا بەرەو گوندی گەرمکی تەقتەق هەنگاویان ناوە و سەرەتا دو برا بەناوەکانی (حەسەن و مستەفا) هاتون و گوندەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە (حوسێن١[xxxi]: ٢٠٢٢؛ دەربەندی: ٢٠٢٢)، هاوشانی دەربەندییەکان (شێخانیەکان)[xxxii] یش لەو گوندەدا ژیاون، بەشێک پێیان وایە دەربەندییەکان لەپێش شێخانیەکان هاتونەتە ئەو گوندە و بنیادیان ناوە، بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچونەیان ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری زەوی گوندەکە موڵکی دەربەندییەکانە (حوسێن٢[xxxiii] : ٢٠٢٢) و زۆربەی ئەو زەویانەی کە موڵکی شێخانیەکانن لەگوندی گەرمک لە بنچینەدا موڵکی کەسایەتیەک بوە بەناوی (مەلا سەدر)، کەخەڵکی شاری کۆیە بوە و دوای مردنی زەویەکانی بۆ شێخانیەکان ماوەتەوە و لە ئێستادا ئەوان خاوەندارییەتی زەویەکان دەکەن (ساڵح.[xxxiv] : ٢٠٢٢).

لە ڕاستیدا شێخانیەکان پێش هاتنی دەربەندییەکان لە گەرمک بون، بەڵام بەهۆی سەپاندنی باجێکی زۆر لەلایەن تورکەکانەوە بەسەر دانیشتوانی گوندەکەدا ناچاربون گەرمک جێبهێڵن و بەرەو دەشتی هەولێر و

گوندی قەشقە کە لە ئێستادا سەربە ناحیەی قوشتەپە و قەزای دەشتی هەولێرە کۆچ بکەن، دوای ئەم چۆڵکردنە دەربەندییەکانی گوندی ئۆمەرگومبەت بڕیار دەدەن گوندەکە ئاوەدان بکەنەوە و ئامادەیی خۆشیان دەردەبڕن سەرجەمی باجی ئەو زەویانە بدەن بەدەوڵەتی عوسمانی، کە لەو کاتەدا دەسەڵاتداری ناوچەکە بون، دوای ئاوەدانکردنەوە، شێخانییەکان جارێکیتر دەگەڕێنەوە بۆ گەرمک و داوای مافی خۆیان لەو زەویانە دەکەنەوە، هەرچەندە دەربەندییەکان باجی ئەو زەویانەیان داوە، بەڵام بەشێک لەو زەویانە دەدەنەوە بەشێخانیەکان و ژیانێکی هاوبەش پێکەوە دەست پێدەکەن کە تا ئێستاش بەردەوامە (محەمەد٢[xxxv]: ٢٠٢٢)، ناوی گوندەکەش لەئاوی گەرمی ئەو کانیاو و قوڵەتێنەوە هاتوە کە لەوەرزی زستاندا هەڵمی لێ هەستاوە، لەڕوی کارگێڕیشەوە سەر بەناحیەی تەقتەق و قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێرە(ئیلنجاغی1، ٢٠١٤: ١٣،٦١).

بەشێک لە دەربەندییەکان پەڕیونەتەوە بەری چەپی زێی بچوک و بەدیاریکراویش گوندی قەرەناو[xxxvi] دەربارەی شێوازی پەڕینەوە و بنیاتنانی گوندی قەرەناو (عەزیز سەعید سەعدون) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە کە ئەوان لە گۆرقەرەجەوە هاتون و پاشان هاتونەتە کەنارەکانی زێی بچوک لە گوندی کانی لەلە و بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەوە خەریکبون، لەلایەن(پاشای کۆرە) میر محەمەد( 1813–1836ز) میری میرنشینی سۆرانەوە هاوکاریکراون و دەربەندییەکان لەقەڵای بۆگد چاویان بە (میر محەمەد) کەوتوە و داوای زەوییەکانی بناری خاڵخاڵان دەکەن، واتە شوێنی ئێستای گوندی قەرەناو، کەشوێنێکی گونجاو بوە بۆ لەوەڕگاو بەخێوکردنی ئاژەڵ، لەبەرامبەردا میر محەمەد بەم داواکاریەیان ڕازی دەبێت و ئەوانیش لە شوێنێک بەناوی (چرگە ڕەش) نیشتەجێدەبن کە دەکەوێتە قەدپاڵی ڕۆژئاوای چیای خاڵخاڵان (سەعدون[xxxvii]: ٢٠٢٢).

بەو پێیەش کە میر محەمەد ساڵی (١٨١٤)لە جێگای باوکی دەسەڵاتی میرنشینی سۆرانی گرتۆتە دەست و سنوری دەسەڵاتی لەنێوان هەردو زێ فراوان کرد، کۆیەش کە شارێکی سەر بەمیرنشینی بابان بو لەساڵی ١٨٢٣ کەوتە ژێر دەسەڵاتی میرنشینی سۆران، دواتریش ناوچەکانی هەولێر و پردێ بون بەبەشێک لە قەڵەمرەوی میرنشینەکە (مەکداول،2019: ٧٦). لەو چوارچێوەیەشدا زەوییەکانی گوندی قەرەناو و دەوروبەری لە ژێر دەسەڵات و قەڵەمرەوی میر محەمەد دا بون و هیچ کەسێکیان تێدا نیشتەجێنەبوە و لەو کاتەدا شوێنەکە چۆڵەوانی بوە، هەر لەو شوێنەدا دەربەندییەکان یەکەم بەردی بناغەی گوندی قەرەناویان داناوە (ئاسۆ قەرەناوی[xxxviii]:٢٠٢٢).

باپیرە گەورەی دەربەندییەکانی گوندی قەرەناو ناوی وسوە و لە ئۆمەرگومبەت و گۆرقەرەجەوە کۆچیان کردوە بۆ گوندی قەرەناو،لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ بەرەی خدرە قۆزی کوڕی جومعە دەربەندی (دەربەندی:٢٠٢٢).

هاوکاتی نیشتەجێبونی دەربەندییەکان لە قەرەناو بەشێک لە عەرەبەکان کەسەر بە دو هۆزی جیاوازی عەرەبن، لەناوچەی زۆرناسەر دەژیان کە ئەو ناوچەیە لە ئێستادا دەکەوێتە سنوری هەردو گوندی (کانی ڕەش و مەرزیخەی سەرو) [xxxix]، ئەم عەرەبانە ڕۆژانە بونەتە مایەی گێچەڵ و کێشە بۆ دەربەندییەکان، تا ئەو ئاستەی دەربەندییەکان ناچاردەبن بۆ پارێزگاری لەخۆیان داوای یارمەتی لە ئاغاکانی شێخ بزێنی دەکەن و ئەوانیش کەسێکی نزیکی خۆیان بەناوی(فەقێ وسو)دەنێرن بۆ گوندی قەرەناو، دوای ئەوەی عەرەبەکان بەمە دەزانن داوای پێکهاتن و پێکەوەژیان دەکەن لە گوندەکە، ئەم وسو ناوە دەکەن بەئاغای گوندەکە و دەربەندییەکان کچێکی خۆیانی پێدەدەن بەم شێوەیە گوندی قەرەناو لە دەربەندییەکان و دو تەیافەی عەرەب و بنەماڵەی ئاغاکان پێکهاتوە، دواتریش چەند تایەفەیەکی تر ڕویان لە گوندەکە کردوە و ماونەتەوە، وەکو تایەفەی (هەمزە قوڕاوی) (ئاسۆ قەرەناوی: ٢٠٢٢؛ یوسف[xl]: 2022).

بەشێکی تری دەربەندییەکان لەسەردەمەکانی دواتر و بەدیاریکراویش هاوکاتی ڕوداوەکانی ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی(1914–1918) و گرانی گەورە و سەردەمی تێکشکانی عوسمانییەکان لەو جەنگە هاتون بۆ گوندی گەرمک، کە دیارترینیان بنەماڵەی مەلا سدیقی کوڕی مەلا ساڵحە، کە بە مەلایەتی هاتون بۆ ئەو گوندە (سالح: ٢٠٢٢؛ ئەمین،7:2006).

یەکێکی تر لەو گوندانەی کە لە چوارچێوەی پەلهاویشتن و بڵاوبونەوەیاندا دایانمەزراندوە گوندی (موخەرەس)ە، ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری تەقتەق و لەڕوی کارگێڕییەوە سەر بەناحیەی تەقتەق و قەزای کۆیەیە (ئیلینجاغی13:2014،١).

دەربەندییەکانی گوندی موخەڕەس دەگەڕێنەوە بۆ کەسێک بەناوی(خدر)کە بەبنیاتنەری گوندەکەش دادەنرێت، چونکە پێشچونی دەربەندییەکان هیچ کەس لەو گوندە نەبوە، واتا شوێنی گوندەکە چۆڵەوانی بوە، جگە لە زەوی ئەو گوندە بەشی هەرە زۆری زەوی ناوچەکەش خاوەندارێتی بۆ هیچ کەسێکی دیاریکرا و نەگەڕاوەتەوە، دوای بنیاتنانی گوندەکە کۆمەڵی جیاواز لە خەڵکی لەهۆزە جیاوازەکان هاتونەتە گوندەکە و هاوشانی دەربەندییەکان نیشتەجێبونە، وەکو، جاف، پاڵانی، مەمان، شوان(ساڵح،2006: ٥).

بەشێک لەدەربەندییەکان لەگوندەکانی شیوەجان و کانی ڕەش نیشتەجێبونە و بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە کوڕەکانی جومعە دەربەندی باپیرە گەورەی دەربەندییەکان بەناوی (جانە)، سەرەتا شیوەجانیان بنیاتناوە، پاشان لەساڵی(١٩١٦)دا بەشێکیان گواستویانەتەوە بۆ گوندی کانی ڕەش، تا ئێستاش پەیوەندییەکی بەهێزیان بەدانیشتوانی گوندەکانی ئۆمەرگومەت و سێگردکانەوە هەیە، ناوی گوندی شیوەجانیش هەر لەناوی(جانە)ی باپیرە گەورەی دەربەندییەکانەوە وەرگیراوە(ئۆمەر: ٢٠٢٢؛ مەلا عوبێد: 2022)، شوێنی

گوندەکە لەشوێنێک هەڵکەوتوە، کە هەر چوار دەوری بەگردۆلکە دەورە دراوە، هەر ئەوەش وایکردوە بەشیوی جان ناوبنرێت و دواتریش بوە بە شیوەجانی (ئیلنجاغی2014،١: ١٢٧).

هاوشانی دەربەندییەکان بەشێک لە هۆزەکانی داودە و مەنتک و تیرەیەک بەناوی کوردەکان لەگوندەکانی شیوەجان و کانی ڕەش نیشتەجێبونە(ئۆمەر: ٢٠٢٢؛ ئیلنجاغی2014،١: 125)، هەردو گوندەکەش لەڕوی کارگێڕییەوە سەر بەناحیەی تەقتەق و قەزای کۆیەن (غەفور،2018: ٢٣-٢٤).

بەشێک لە دەربەندییەکان لەشیوەجانییەوە کۆچیان کردوە بۆ گوندی (ناسرومیسر)،کە سەر بەناحیەی شوان و قەزای ناوەندی کەرکوکە، ئەمانە لەنەوەی(حەمە ڕەشان)ن کە بە(حەمە ڕەشان سۆران) ناسراوە، تا ئێستاش شوێنەواری ئەشکەوتی(حەمە ڕەشان)لە سنوری گوندی شیوەجانی ماوە و هەر بەو ناوەش ناسراوە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕونە کە دەربەندییەکانی ناسرومیسر بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شێوەجانی، سەرەتا دەربەندییەکان هاتونەتە شوێنێک بەناوی(قڕگە)، کە کەلاوەکانیشی پێدەڵێن و ئاسەواری گۆڕستانی تێدایە و دەکەوێتە چوارچێوەی سنوری جوگرافیای گوندی ناسرومیسر(غەفور،2018: ١٦٣؛ ڕەزا٢[xli]: ٢٠٢٢).

سەبارەت بەناوی گوندەکە زۆر کۆن نیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای ڕوداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914-1918) و بڵاوبونەوەی برسیەتی و گرانی لەناوچەکە بەهۆی جەنگەکەوە، دوای ئەوەی دوکەسی نەناسراو پێش گەیشتنیان بە ناو گوندەکە لەبرسان دەمرن و خەڵکی گوندەکەش هەر لەوێدا دەیاننێژن، سەرەتا ناوی گوندەکە دەنێن دو برا بە ناوی ئەو دو کەسە غەریبەی کە لە سنوری گوندەکەدا مردون، دوای گواستنەوەی شوێنی ئاوایی بۆ جێگایەکی نزیک لەئاوایی دوبرا، ناوەکەشی دەگۆڕن بە (ناسرومیسر)هەر بەناوی ئەو دوبرایەی کە پێشترلەوێ مردون(بەرزنجی،2021: ١٤-١٥).

دەربەندییەکانی ناسرومیسر دواجار کەوتونەتە بەرشاڵاوی تاڵانکاری هۆزی هەمەوەند و سەرجەمی مەڕوماڵات و سەروەت و سامانیان تاڵان کراوە، هەڵمەتێکیان لەناوچەی قڕگە و هەڵمەتەکەی تر لە دۆڵە نیسکە لە سنوری گوندی کانی گەوهەرئەنجامدراوە(ڕەزا1[xlii]: 2022).

دوای کۆچکردنی بەشێک لە دەربەندییەکانی گوندی ناسرومیسر هاوشانی خەڵکی هۆزەکانی شوان و بەشێک لە هۆزی لەک لە گوندی جولحانی سەربە ناحیەی شوان نیشتەجێبونە (نوری[xliii]: ٢٠٢٢).

سەبارەت بە پەلهاویشتن و بڵاوبونەوەی دەربەندییەکان بۆ سێگردکان و ئەو ناوچە و گوندانەی کە دواتر لەوێوە کۆچیان بۆ کردوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند قۆناغێک دوای گوندی ئۆمەرگومبەت و دەوروبەری، مێژوی

بنیاتنانی گوندی سێگردکان کە لە ئێستادا بوە بەچەقی ناحیەی سێگردکان و لەڕوی کارگێڕییەوە سەربە قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێرە، دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی (1790ز) (ئیلنجاغی٢، ٢٠١٤: ٢٩).

سەرەتای بنیاتنانی گوندەکە لەشوێنی ئێستا نەبوە، بەڵکو لەهاوینەهەواری(کەل کەل و شیو تویەڕەش)بوە، لە ئێستادا هەردو شوێنەکە دەکەونە ناو سنوری ناحیەی سێگردکان، دواتر بەهۆی کێشەی کەمی ئاو و گونجاوی زیاتری شوێنی ئێستایان هاتون بۆ ئەو جێگایە و لەوێ نیشتەجێبونە(عەلی٤: ٢٠٢٢).

ناوی سێگردکانیش لەو سێگردەوە هاتوە کە لەناو سنوری ئاواییەکەدا بونیان هەیە، بەناوەکانی گردی (خدری زندە، میرسێودین، هەوارتەعون)، بە دوری(٢١)کلم دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەی تەقتەق (فەتحوڵا، ٢٠٠٥: ٧).

بەشێک لەدەربەندییەکان کەسەر بە بنەماڵەی دەروێشن لە بنچینەدا لە گوندی ئۆمەرگومەت نیشتەجێبون، دواتر بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە کۆچیان کردوە و لەزێی بچوک پەریونەتەوە بۆ بەری شێخ بزێنی و لە هەردو گوندی کانی ڕەش و مەرزیخە لە سنوری ناحیەی شوان نیشتەجێبونە، دوای چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەشێکیان گەراونەتەوە بۆ گوندی ئۆمەرگومبەت، بەشەکەی تریشیان هەر لەوێدا ماونەتەوە و پاشان کۆچیان کردوە بۆ شاری کەرکوک(قادر:2022).[xliv]

هەر لە چوارچێوەی گەشەو بڵاوبونەوەیاندا دەربەندییەکان گەیشتون بە گوندەکانی قەفار و مام ڕەش لەناوچەی شوان لە باکوری شاری کەرکوک(ئۆمەرگومبەتی،10:2019).

سەبارەت بەکۆچی بەشێک لە دانیشتوانی گوندی ئۆمەرگومەت و گەیشتنیان بەگوندی (قولی بەگ)ی سەر بەناحیەی شوان (حاجی فەخرەدین)[xlv] بەم شێوەیە بۆمان دوا: «دوای زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی گوندی ئۆمەرگومەت وگەڕان بەدوای لەوەڕگادا کۆچیان کردوە بۆ گوندی سێگردکان و پاشان بۆ ناوچەکانی هۆزی شێخ بزێنی و دواتریش لەگوندی قولی بەگی ناوچەی شوان گیرساونەتەوە،پێش چونی دەربەندییەکان ئەم گوندە بونی هەبوە و بنەماڵەی(قالەخەجێ)تێیدا نیشتەجێبون، دواتریش دەربەندییەکان و ماڵە پەرتەوازەکانی ناوچەکە گوندەکەیان ئاوەدانکردۆتەوە، لەئێستادا ژمارەی دەربەندییەکانی قولی بەگ نزیک بە(٧٠)خێزان دەبن و بەهەمان شێوەزاری ئۆمەرگەمەت و سێگردکان دەدوێن» (کەریم:2022).

هەرچی دەربەندییەکانی گوندی قەرەبەگی سەر بەناحیەی پردێ و قەزای دوبزی کەرکوکە ئەوە بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک بەناوی(مەلا تەها)، کە لە گوندی ئۆمەرگومبەتەوە بەمەلایەتی هاتوە بۆ شاری دوبز و لەوێشەوە هەر بەمەلایەتی هاتوە بۆ گوندی قەرەبەگ و لەوێ نیشتەجێ بوە، مێژوی گەیشتنیان بۆ ئەو گوندە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، دەربەندییەکانی قەرەبەگ مەلازادەن و بەخوێندن و

مەلایەتییەوە خەریک بونە، هاوشانی دەربەندییەکان چۆغەڕەشی و تایەفەی پەڕۆ لەگوندەکە دا نیشتەجێن (ئەحمەد5[xlvi]: 2022؛عەبدولڕەحیم[xlvii]:2022).

بەشێکی تر لەدەربەندییەکان بەنزیکەیی هاوکاتی ڕوداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914-1918) و بڵاوبونەوەی قات و قڕی و گرانی لەئۆمەرگومەتەوە کۆچیان کردوە بۆ گوندەکانی (مامە و عەلەغێر) لە سنوری قەزای دوبزی پارێزگای کەرکوک، بنەچەی دەربەندییەکانی عەلە غێر دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک بەناوی(برایم حەپەت) و بەشێکیشیان لەگوندی قەرەناوی سەربە ناحیەی شوانەوە هاتون و لەوێ نیشتەجێبونە، ژمارەی دانیشتوانی عەلەغێر لە ئێستادا نزیکەی (٥٠٠) خێزان دەبێت و سەرجەمی دانیشتوانەکەی دەربەندین جگە لە (١٢)خێزان کەسەر بە عەشیرەتی لەکن(حەپەت: 2022)[xlviii] .

دەربارەی دەربەندییەکانی گوندی(ئەبو گەسە)ی سەربە قەزای حەویجە و گوندەکانی (مەڵحە و دۆرم)ی سەر بەقەزای دوبز(حەسەن حەمەدەمین محەمەد)[xlix] ئاماژەی بەوە کرد: ((کە ئەمانە لە بنچینەدا بەهۆی بونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە گوندی ئۆمەرگومەتیان جێ هێشتوەو لەو گوندانەی سەر بە پارێزگای کەرکوکدا گیرساونەتەوە، لە ئێستادا بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانەوە ئەو گوندانەیان جێهێشتوە و لە ناوەندی قەزای دوبزدا ژیان دەگوزەرێنن)) (2022).

هەر لە چوارچێوەی بڵاوبونەوەی دەربەندییەکان بەگوند و ناوچەکانی دەوروبەریاندا ناوی گوندی (گۆڕقەرەج)دێت، کە دەکەوێتە چوارچێوەی سنوری جوگرافیای گوندی ئۆمەرگومبەت و تا ئێستاش شوێنەواری گوندەکە ماوە، ئەوەی ژیاری مرۆڤایەتی و دێرینیی نیشتەجێبونی ئەم گوندەی سەلماندوە، بونی چەندین شوێنەواری مرۆڤایەتییە کە مۆرکێکی ئاشکرای گرینگی دەڤەرەکە پیشان دەدات، لە دیارترین ئەو شوێنەوارانەش کە لە ئێستادا بە ئاشکرا بەدیدەکرێن بریتین لە: کەلاوە و شوێنەواری خانوە ڕوخاو و کۆنەکانی گوندەکە و بونی شوێنەواری دو گۆڕستان لە چوارچێوەی گوندەکەدا، جگە لە گۆڕقەرەج هەر لە چوارچێوەی سنوری گوندی ئۆمەرگومبەتدا و بە دیاریکراویش لە ڕۆژئاوای گوندەکە لە شوێنێک بەناوی (ئەحمەکڵاو) شوێنەواری گوندێک بە ناوی (خوندی) بونی هەیە، کە نەوەکانی فەقێ حەسەنی خوندی کوڕی جومعە دەربەندی بە بنیاتنەری ئەو گوندە دادەنرێن، ئەوەی ڕونە دەربەندییەکان بنیادی هەردو گوندەکەیان ناوە و زیاتر وەکو هەوار و کۆتان لە وەرزە جیاوازەکاندا بەکاریان هێناون(ئۆمەرگومەتی، ٢٠١٩: ١٠؛ دەربەندی: ٢٠٢٢؛ کانی لەلەیی: ٢٠٢٢).

بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە کەسی و جیاوازەکانی ئەندامانی ئەم هۆزە، لە سەروی هەموشیانەوە شێوەزارە تایبەتەکەیان، هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئەم گروپە لە بنچینەدا لە شوێنێکی تر و

کلتورێکی جیاوازترەوە هاتون، ئەگەرچی بە درێژایی ئەو ماوەیەی لێرە نیشتەجێ بونە تاڕادەیەک لەڕوی شێوەزار و دابونەریتەوە کەوتونەتە ژێر کاریگەری کلتوری دانیشتوانی ناوچەکە، بەڵام سەرباری ئەوەش تایبەتمەندیەکانی خۆیان پاراستوە.

## ئەنجام

1- دەربەندییەکان لە بنچینەوە لە ناوچەی ناودەروەندی کرماشانەوە هاتون و دوای چەند قۆناغێک لە سەرەتادا لە ناوچەکانی ناوەندی ناحیەی سێگردکان و گوندەکانی ئۆمەرگومبەت و کانی لەلە و گۆڕقەرەج گیرساونەتەوە.

2- وشەی دەربەندی لە ناوی یەکێک لە دەربەندەکانی کرماشانەوە وەرگیراوە، دیارترینیشیان ناوچەی ناودەروەندە.

3- دەربەندییەکان لە ژێر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی ئەوکاتی ناوچەکە و پاڵەپەستۆی ناکۆکی وکێشەی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ بەشێک لە هۆزەکان، ناوچەکەیان جێهێشتوە و ناچار بە کۆچێکی حەتمی کراون و زێدی خۆیان چۆڵ کردوە.

4- لە هەنگاوەکانی سەرەتادا ژمارەیان زۆر نەبوە و پێکهاتون لە چەند خێزانێکی نزیک لە یەکتر، دواتر و دوای زیادبونی ژمارەیان بە گوند و ناوچەکانی دەوروبەریاندا بلاوبونەتەوە و گەشەیان کردوە.

5- هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەربەندییەکان بە هۆزی باجەڵانەکان نابەستێتەوە، دەربەندییەکان شێوەزارەکەیان شێوازی کەڵهوڕییەوە و زیاتر لە کەڵهوڕەکان نزیکن.

6- دەربەندییەکان لەگەڵ سەرجەم هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکە جیاوازن و جگە لە شێوەزارەکەیان چەندین تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە سەربەخۆبون و جیاوازیان لە گەڵ دەوروبەریان دەسەلمێنێت.

7- هۆزی دەربەندی لە هەشت تیرە پێک دێن، لە بری تیرەش وشەی تایفەی عەرەبی بەکاردێنن، سەرجەمی ئەو تایەفانەش دەگەڕێنەوە سەر یەک بەرەبابی هاوبەش و باپیرە گەورەیان ناوی (جومعە دەربەندی)یە.

# Darbandy tribe in south of Kurdistan

# Its an oral, social and historical research

**Abubakr Qadr Ahmed[1] - Qaraman Nadir Shekh Bzeny[2]**

[1+2] History Department, College of Education, Koya University, Koya, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research refers to the details and the origin of Darbandians life, and their first coming in Kirmashan region. This ethnic group perform themselves differently as they compared to their surrounding area in the fields of style and culture.

They speak in Kalhurr dialect, They migrated from Nawdarwand of Kirmashan towards the west of Iran border until they arrived their in habited area which includes thirty four villages in different areas, Now, Segrdkan sub-district and its surrounding is considered as the center of Darbandians living. Meanwhile, this research highlights the factors behind the immigration and disperse of Darbandians in the second half of the century and the beginning of the century from their hometown.The main factor can be seen in the conflict between the major authorities on Iran land, the war and the chaos in border districts is another factor and the policy of persecution is another factor.

The research also refers to the ways of their coming and arrival to the first settlement place where includes the villages of (Omargwmbat, Gorqaraj, kanilala, and segrdkan), then their spread to the other villages, after that referring to the major clans and the families of darbandians.

**Key words:** (Darbandians, South of Kurdistan, Tribe, Kirmashan, Kalhuri dialect, Nawdarwand district).

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردیەکان


باجەلان: مەزاهر. (2014) ئێلی باجەلان لەسەفەویەکانەوە تا کۆتایی قاجارەکان، و: جەلیل مورادی و کاروان عوسمان خەیات، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.

باوەڕ: ئەحمەد. (٢٠١٧)، مێژوی خانەقی- مێژوی میرایەتی باجەلان- مەلا ئەحمەدی جوانڕۆیی، بەرگی دوەم، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

بەحرکەیی: مەلا تاهیر مەلا عەبدولا. (٢٠١٦)، مێژوی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر.

– تەقوش: محەمەد سوهێل. (2012)، مێژوی دەوڵەتی سەفەوی، و: شاخەوام محەمەد، هەولێر، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

جاف:خالید عەلی موراد،(2021).تەکیەوخانەقا دێرینەکانی کەرکوک،بەرگی دوەم،چاپی یەکەم،تەقتەق،چاپخانەی ئاکام.

ڕێبین: کاروان عوسمان خەیات. (٢٠١٤)، دیداری ڕەشید باجەلان، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.

زەکی: محمد ئەمین. (2004)، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، چاپی دوەم، چاپخانەی چاپخانە و ئۆفیسی شڤان.

سایکس: مارک، (2022)، هۆزە کوردەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدولا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

سەرگەینیلّی: محەممەد حەسەن، (2019)، هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژوی کۆن و نوێدا، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

سۆن: مێجەر.ئی.بی. (٢٠٠٧)، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خوارو، و: نەجاتی عەبدولا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

سێیڤری:ڕاجر،(2006)،ئێرانی سەردەمی سەفەوی، و: سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

شێخ بزێنی:م.سەعد فاروق یوسف، (2015)، هۆزی شێخ بزێنی، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

شێخانی: سەعدولا، (2012)، داری بنەماڵەی خزمانی شێخانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

شوانی: د. ڕەفیق، (2016)، هۆزو ناوچەی شوان، بەرگی یەکەم، عێراق، چاپخانەی (ڕۆی) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

قاسملو: د.عەبدولرەحمان، (2007)، کوردستان و کورد، و: عەبدوڵلا حەسەن زادە، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

موکریانی: گیو. (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس.

مەکداول: دیڤید. (2019)، مێژوی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، هەولێر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر.

نەوار: عەبدولعەزیز سولەیمان. (2020)، مێژوی گەلانی ئیسلامی لەچەرخی نوێدا، و: مستەفا سەعید علی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

های: دەبلیو ئار، (2016)، دو ساڵ لە کوردستان، و: لوقمان باپیر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئەحمەد- مراد:د.ئیبراهیم خەلیل – خەلیل عەلی، (2011)، (مێژوی ئێران و تورکیا) توێژینەوەیەک لە مێژوی تازە و هاوچەرخ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئۆمەرگومبەتی: مەلا محەمەد ساڵح مەلا عومەر. (٢٠١٩)، عەشیرەتی دەربەندی و مەلاکانی، هەولێر چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب.

ئیدمۆندس: سیسیل جۆن، (2004)، کورد تورک عەرەب، و/ حامید گەوهەری، هەولێر، چاپی دوەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس.

ئیلنجاغی: ئاراس. (٢٠١٤)، سێگردکان و سێبەرنشینەکان، سلێمانی،چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد.

ئیلنجاغی:ئاراس، (2014)، زێودەر، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

**دوەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

الجاف: حسن كريم. (٢٠٠٨)، موسوعة تاريخ ايران السياسي من بداية الدولة الصفوية الى نهاية الدولة القاجارية، المجلد الثالث، بيروت، الطبعة الاولى، مطبعة الدار العربية للموسوعات.

الزبيدي: كريم مطر حمزة. (بدون سنة طبع)، تاريخ ايران الحديث، بدون مكان طبع.

خورشيد: فؤاد حمه. (١٩٧٩)، العشائر الكردية، بغداد، مطبعة الحوادث.

العزاوي: عباس، (ب.س)، عشائر العراق, المجلد الاول, جزء 1-2, بيروت, مكتبة الحضارات.

فتحي:گوران، (2013)، مدينة كركوك موجزتاريخ المساجد والجوامع والتكايا والخانقاهات وكبار رجال الدين فيها, ت/ د.كمال غمبار، الطبعة الاولى, بدون مكان الطبع.

ليرخ: ب. (١٩٩٤)، دراسات حول الاكراد وأسلافهم الخالديين الشماليين، ت/ د.عبدي حاجى، حلب، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة خاني.

مراد:خليل علي, (2005), مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية, السليمانية, مطبعة شڤان

مكاريوس: شاهين. (٢٠٠٣)، تاريخ ايران، القاهرة، مطبعة دار الافاق العربية.

ولبر: دونالد. (١٩٨٥)، ايران ماضيها وحاضرها، ت/ الدكتور عبدالنعيم محمد حسنين، مصر، الطبعة الثانية، مطبعة النهضة.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان**

آشتیانی: عباس اقبال. (٢٠٠٩)، تاریخ ایران بعد از اسلام، تهران، چاپ ششم، نگارستان كتاب.

**چوارەم: ڕۆژنامەکان**

جەلال: ڕۆژگار،(2006)،(قەرەناو) شارەوانی خاڵخالان، ڕۆژنامەی تاک، ژمارە (23)، سلێمانی، چاپخانەی عەلی کەمال.

ساڵح:پشتیوان،(2006)، گوندی موخەڕەس، ڕۆژنامەی تاک، ژمارە(15)، سلێمانی، چاپخانەی عەلی کەمال

فەتحوڵا:ئاراس.ع، (2005)، شوێنی جوگرافیاو مێژوی گوندی سێگردکان، ڕۆژنامەی تاک،ژمارە(5)،سلێمانی، چاپخانەی عەلی کەمال.

ئەمین:کاکەخان نەسرەدین، (2006)،مامۆستا مەلا سدیق گەرمکی و (63) ساڵ وانەوتنەوە و خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام، ڕۆژنامەی تاک، ژمارە(14)، سلێمانی، چاپخانەی عەلی کەمال.

**پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان**

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەباس حەمە عوسمان) لە 2022/4/5

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حەمەدەمین مەولود) لە 2022/4/7

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حەمەدەمین مستەفا قادر(حەمەدەمین شیرین)) لە 2022/4/10

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەباس ئەحمەد مەولود) لە 2022/4/13

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیبراهیم عەلی ئەحمەد) لە 2022/4/13

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (صاڵح حەمە حەمەسور) لە 2022/4/15

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر حەمەدەمین عەلی) لە 2022/4/16

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەشید حەمەدەمین مەولود) لە 2022/4/18

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عوسمان حەمەدەمین عەلی) لە 2022/4/20

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حەسەن ئەحمەد) لە 2022/4/20

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد قادر ڕەشید(لالە محەمەد)) لە 2022/4/21

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر حەمەدەمین محەمەد(عومەر حەمەدەمین ئامین)) لە 2022/4/23

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیسماعیل حەمەدەمین عەلی) لە 2022/4/23

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال حەمەنوری عومەر) لە 2022/5/8

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەسعەد ڕەزا یوسف) لە 2022/5/18

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەزیز سەعید سەعدون) لە 2022/5/21

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (خالید حوسێن ڕەزا) لە 2022/5/21

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد سەعید ڕەزا) لە 2022/5/21

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سلێمان حەمەخان سەعید(ئاسۆ قەرەناوی)) لە 2022/5/24

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیسماعیل ئەحمەد قادر) لە 2022/5/31

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فەخرەدین محەمەد کەریم(حاجی فەخرەدین)) لە 2022/5/31

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەبوبەکر صاڵح ئیبراهیم خەفەت) لە 2022/6/17

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نیعمەت ئەمین فەتحولا(نیعمەت زەحمەتکێش)) لە 2022/6/18

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەرهەد حەمەعەلی ئۆمەر) لە 2022/6/20

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حەمەڕەسوڵ حەسەن) لە 2022/6/20

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولا صدیق صاڵح) لە 2022/6/20

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر ئەحمەد عەلی) لە 2022/6/22

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولا سەعید محەمەد) لە 2022/6/23

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم) لە 2022/6/23

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حوسێن نەجم حوسێن) لە 2022/6/23

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد قادر حەمەدەمین) لە 2022/6/24

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حەسەن حەمەدەمین محەمە) لە 2022/6/28

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (خەیرەدین مەجید ئەحمەد) لە 2022/6/28

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەرکەوت هادی عەبدولڕەحیم) لە 2022/6/28

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەنوەر نەجم حوسێن) لە 2022/6/30

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد محەمەد عەبدولا) لە 2022/7/1

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حوسێن عەلی قەمبەرعەلی یارمحەمەد) لە 2022/7/5

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد ئەسەدولا(محەمەد سابت)) لە 2022/7/5

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەلی جەعفەر سەرمەستی) لە 2022/7/6

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد ئەسەدولا(محەمەد سابت)) لە 2022/7/5

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جومعە عومەر حەمەدەمین دەربەندی) لە 2022/8/9

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەلی محەمەد مەولود) لە 2022/8/16

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جومعە محەمەد نەجم کانی لەلەیی) لە 2022/8/18

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەئوف صالح حەمەدەمین) لە 2022/11/11

## پەراوێزەکان

(i) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حمدامین مستەفا قادر(حمدامین شیرین) لە ڕێکەوتی ١٠- ٤- ٢٠٢٢ لە شارۆچکەی تەقتەق، ناوبراو لەدایکبوی ساڵی(١٩٣٩)یە لە گوندی ئۆمەر گومەت، پیشەی کاسبە و دانیشتوی شارۆچکەی تەقتەقە؛

(ii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەباس ئەحمەد مولود) لە ڕێککەوتی 2022/4/13 لەشارۆچکەی تەقتەق، ناوبراو لەدایکبوی ساڵی (1943) یە لە گوندی ئۆمەرگومەت، پیشەی کاسبەو لە تەقتەق دادەنیشێت.

(iii) کورد ناوێکی گشتیان بەسەر زاگرۆسدا بڕیوە ئەویش ناوی (شاهۆ) یە، زۆرجار ئەم ناوە بۆ شاخی جوانڕۆش بەکاردێت (ریچ،2002 : 1997)

(iv) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نیعمەت ئەمین فەتحولا(نیعمەت زەحمەتکێش)، لە ڕێکەوتی ١٨- ٦- ٢٠٢٢ لەشاری هەولێر، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی ١٩٥١ قەزای داڵەهۆی سەر بەکرماشانە، پیشەی نوسەرو ڕۆژنامە نوسەو دانیشتوی تارانە.

(v) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حسین عەلی قەمبەر عەلی یار محمەد) لەڕێکەوتی ٥ – ٧- ٢٠٢٢ لەشاری کرماشان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی ١٩٥١ی کرماشانە، پیشەی فەرمانبەری خانەنشین، دانیشتوی کرماشان.

(vi) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد ئەسەدولا(محەمەد سابت) لەڕێکەوتی ٥ – ٧- ٢٠٢٢ لەشارۆچکەی سەحنەی سەر بەکرماشان ناوبراو لەدایکبوی ساڵی(١٩٦٢)ە لەشارۆچکەی سەحنە، پیشەی فەرمانبەری خانەنشین، دانیشتوی شاری سەحنە.

(vii) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەلی جەعفەر سەرمەستی) لەڕێکەوتی ٦- ٧- ٢٠٢٢ لەکرماشان ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٦٦)ە لەشاری سەحنە، پیشەی بەرپرسی یەکێتی هەنگەوانانی کرماشان، دانیشتوی شاری سەحنە.

(viii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەرهەد حمەعەلی ئۆمەر) لەڕێکەوتی ٢٠- ٦- ٢٠٢٢ لەتەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٦٣)یە لەکانی ڕەش، پیشەی عەمیدی پۆلیس لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە، دانیشتوی شاری تەقە تەقە.

(ix) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حمەڕسوڵ حەسەن)لە ڕێکەوتی ٢٠-٦- ٢٠٢٢ لەگوندی گەرمک، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٨)ە لەگوندی گەرمک، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی گوندی(گەرمکە).

(x) زانایەکی بەرزبوە، خەڵکی گوندی ئۆمەرگومبەتە و لەلای مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی خوێندنی تەواوکردوە، ساڵی ١٨٢٩ز ئینجازەی مەلایەتی لە مەلا یەحیای مزوری وەرگرتوە، هاوچەرخ بوە لە گەڵ موحەمەد فەیزی زەهاوی و یەکێک بوە لە خەلیفەکانی مەولانا خالید، لە مەدرەسەی قەڵای کەرکوک وانەی گوتوتەوە، خۆی و هەمو منالّەکانی بەنەخۆشی تاعون کۆچی دواییان کردوە، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمە، لەوانە: 1-شەرحی (خلاصة الحساب)ی بەهادینی عامیلی، 2-شەرحی(صغرا) سەید شەریفی جورجانی لە(مەنتیق)، 3-حاشیە لەسەر (تشریح الافلاک )ی بەهادینی عامیلی، 4-شەرحی (رسالة الحکمة) کە لە ساڵی 1823 لە بەغدا تەواوی کردوە و پێشکەشی (داود پاشا)ی والی بەغدای کردوە(بەحرکەیی،2016: ل٧٢)

(xi) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر حمەدەمین محەمەد (عومەر حمدامین ئامین) لە ڕێکەوتی ٢٣/ ٤/ ٢٠٢٢ لە سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٥) لەناحیەی سێگردکان، پیشەی جوتیارە و دانیشتوی ناحیەی سێگردکانە.

(xii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عوسمان حمدامین عەلی) لە ڕێکەوتی ٢٠/ ٢٠٢٢/٤ لە ناحیەی سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٤)ە لە ناحیەی سێگردکان، پیشەی جوتیارە و دانیشتوی ناحیەی سێگردکانە.

(xiii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم) لە ڕێکەوتی ٢٣/ ٦/ ٢٠٢٢ لە ناحیەی تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٨)ە لە گوندی ئۆمەر گومەت، پیشەی فەرمانبەری، لە ئێستادا لە ناحیەی تەقتەق دادەنیشێت.

(xiv)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕەشید حمەدەمین مەولود)لە ڕێکەوتی ١٨/ ٤/ ٢٠٢٢ لە شارۆچکەی تەقتەق، ناوبراو لەدایکبوی ساڵی(١٩٤٩)یە لە گوندی ئۆمەر گومەت، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی ناحیەی تەقتەقە.

(xv) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد محمەد عەبدوڵا)لەڕێکەوتی ١/ ٧/ ٢٠٢٢ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایکبوی ساڵی(١٩٣٩)یە لە ناحیەی سێگردکان، پیشەی پێشمەرگەی خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xvi)چاوپێکەوتی توێژەر لەگەڵ (محەمەد قادر حەمەدەمین) لە ڕێکەوتی ٢٤/ ٢٠٢٢/٦ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٤)ە لە ناحیەی سێگردکان، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xvii) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد قادر ڕەشید(لالە محمەد) لەڕێکەوتی ٢١-٤-٢٠٢٢ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٥)ە لە گوندی ئۆمەرگومەت، پیشەی کاسبە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xviii) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حەمەدەمین مەولود)لە ڕێکەوتی ٧/ 4/ 2022 لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٥)ە لە گوندی ئۆمەرگومەت، پیشەی فەرمانبەری خانەنشین، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xix) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر ئەحمەد عەلی)لە ڕێکەوتی 2022/6/22 لە سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٣٧)ە لە ناحیەی سێگردکان، پیشەی کاسبە، دانیشتوی ناحیەی سێگردکانە.

(xx) گوندی مەرزان بە دوری (9) کیلۆمەتر کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای شاری تەقتەق و هاوسنورە لە گەڵ گوندەکانی شیواشۆکی خوارو و تاڵەبانی گچکە و ئیلنجاغی گەورە(ئیلنجاغی1،69:2014).

(xxi)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ساڵح حەمە حمەسور) لە ڕێکەوتی ١٥-٤- ٢٠٢٢ لەشاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٩)یە لە گوندی ئۆمەرگومەت، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەباس حەمە عوسمان) لەبەرواری ٥-٤- ٢٠٢٢ لەشاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(1945)ە لەگوندی ئۆمەرگومەت، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxiii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر حەمەدەمین عەلی)لە ڕێکەوتی ١٦- ٤- ٢٠٢٢ لەناحیەی سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٥)ە لەسێگردکان، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی ناحیەی سێگردکانە.

(xxiv)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیسماعیل حەمەدەمین عەلی)لە ڕێکەوتی ٢٣- ٤- ٢٠٢٢ لەناحیەی سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٦)ە لەسێگردکان، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی ناحیەی سێگردکانە.

(xxv)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد محەمەد عەبدوڵا)لە ڕێکەوتی(١-٧- ٢٠٢٢) لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٣٩)یە لە سێگردکان، پیشەی پێشمەرگەی خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxvi)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حەسەن ئەحمەد)لە ڕێکەوتی ٢٠- ٤-٢٠٢٢ لەناحیەی سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٥)ە لەسێگردکان، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی ناحیەی سێگردکانە.

(xxvii) ناحیەی سێگردکان، گوندەکانی ئۆمەر گومبەت، کانی لەلە، گەرمک، موخەڕەس، کانی ڕەش، شیوەجانی، تێکڕایان دەکەونە بەشی باکوری زێی بچوک و لە کەناری زێ دا شوێنیان گرتوە(غەفور،23:2018).

(xxviii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جومعە محەمەد نەجم کانی لەلەیی) لە ڕێکەوتی ١٨- ٨- ٢٠٢٢، لە ناحیەی سێگردکان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٧٠)یە لە گوندی کانی لەلە، پیشەی ئەفسەری پۆلیسە لەبەرگری شارستانی کۆیە، وە نوسەرو ڕۆژنامەنوسە، دانیشتوی ناحیەی تەقتەقە.

(xxix)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیبراهیم عەلی ئەحمەد٢)لەڕێكەوتی ١٣-٤- ٢٠٢٢، لەشاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٢)ە لەگوندی كانی لەلە، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxx)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (جومعە عومەر حمەدەمین دەربەندی) لەڕێكەوتی ٩- ٨ - ٢٠٢٢ لەناحیەی سێگردكان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٧٢)ە لە سێگردكان، پیشەی كارمەندی ئاسایش، نوسەری كتێبی درەختی بنەماڵەكانی هۆزی دەربەندیە، دانیشتوی ناحیەی سێگردكانە.

(xxxi)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەنوەر نەجم حوسێن)لە ڕێكەوتی ٢٠-٦- ٢٠٢٢ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٢)ە لەگوندی گەرمک، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxxii) شێخانیەكانی گوندی گەرمكی تەقتەق لە نەوەی قادری كوڕی خالید(كوڕەبۆر)ی كوڕی فەلە كوڕی تاهر بەگن، لە بنچینەدا سەربە هۆزی شێخانی ئێزیدین (شێخانی،51:2013 ؛ چاوپێكەوتنی توێژەر لە گەڵ (ڕەئوف ساڵح حەمەدەمین)، لە ڕێكەوتی 11-11-2022، لە گوندی گەرمک، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥1)ە لە گوندی گەرمک، پیشەی پێشمەرگەی خانەنشین، دانیشتوی گوندی گەرمک.

(xxxiii)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (حوسێن نەجم حوسێن) لە ڕێكەوتی ٢٣- ٦- ٢٠٢٢ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٥)ە لە گوندی گەرمک، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی گوندی گەرمكە.

(xxxiv)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدوڵا سدیق ساڵح)لە ڕێكەوتی ٢٠- ٦-٢٠٢٢ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٣)یە لەگوندی گەرمک، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxxv)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (عبدوڵا سەعید محەمەد٢) لەڕێكەوتی ٢٣- ٦- ٢٠٢٢ لەشاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٢)ە لە گوندی گەرمک، پیشەی كاسبە، دانیشتوی شاری تەقتەقە.

(xxxvi)ئەم گوندە لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەكان ناونراوە و ناوەكەی بەواتای(دۆڵی ڕەش)دێت، لەڕوی كارگێڕیەوە سەر بە ناحیەی شوان و پارێزگای كەركوكە(جەلال،2006: ٥).

(xxxvii)چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەزیز سەعید سەعدون)لە ڕێكەوتی ٢١- ٥-٢٠٢٢ لە كۆمەڵگەی خاڵخالان، ناوبراو لەدایكبوی ساڵی(١٩٤٨)ە لە گوندی قەرەناو، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی كۆمەڵگەی خاڵخالانە.

(xxxviii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سلیمان حمەخان سەعید(ئاسۆ قەرەناوی))لە ڕێکەوتی ٢٤-٥- ٢٠٢٢، لەکۆمەڵگەی خاڵخاڵان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٦٧)ە، لە گوندی قەرەناو، پیشەی پێشمەرگەی خانەنشینە، دانیشتوی کۆمەڵگەی خاڵخالانە.

(xxxix) ئەم دو گوندە لە ڕوی کارگێرییەوە سەربە ناحیەی شوان و پارێزگای کەرکوکن، دەکەونە کەناری زێی بچوک(غەفور،162:2018).

(xl)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەسعەد ڕەزا یوسف)لەڕێکەوتی ١٨- ٥- ٢٠٢٢ لە کۆمەڵگای خاڵخاڵان، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٦٣)یە لە گوندی قەرەناو، پیشەی کاسبە، دانیشتوی کۆمەڵگای خاڵخاڵانە.

(xli)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (خالید حوسێن ڕەزا)لە ڕێکەوتی ٢١-٥- ٢٠٢٢ لە گوندی ناسرومیسر، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٠)یە لەگوندی ناسرومیسر، پیشەی کاسبە، دانیشتوی گوندی ناسرومیسرە.

(xlii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد سەعید ڕەزا)لە ڕێکەوتی ٢١- ٥- ٢٠٢٢ لە گوندی ناسرومیسر، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٠)یە لەگوندی ناسرومیسر، پیشەی جوتیارە، دانیشتوی گوندی ناسرومیسرە.

(xliii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال حەمە نوری عومەر) لە ڕێکەوتی ٨- ٥- ٢٠٢٢ لە شاری تەقتەق، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥١)ە لە گوندی ناسرومیسر، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری تەقتەقە

(xliv)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئیسماعیل ئەحمەد قادر)لە ڕێکەوتی ٣١- ٥- ٢٠٢٢ لە گەرەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٢)ە لە گوندی ئۆمەرگومەت، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری کەرکوکە.

(xlv)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فەخرەدین محەمەد کەریم(حاجی فەخرەدین))لە ڕێکەوتی ٣١- ٥- ٢٠٢٢ لەشاری کەرکوک، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٦)ە لە گوندی قولی بەگ، پیشەی کاسبە، دانیشتوی شاری کەرکوکە.

(xlvi)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (خەیرەدین مەجید ئەحمەد)لە ڕێکەوتی ٢٨- ٦- ٢٠٢٢ لەگوندی قەرەبەگ، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٨)ە لەگوندی قەرەبەگ، پیشەی پێشمەرگەی خانەنشینە، دانیشتوی گوندی قەرەبەگە.

(xlvii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەرکەوت هادی عەبدولڕەحیم)لە ڕێکەوتی ٢٨- ٦- ٢٠٢٢ لەناحیەی پردێ، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٦٤)ە لەگوندی قەرەبەگ، پیشەی کاسبە، دانیشتوی ناحیەی پردێیە.

(xlviii)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەبوبەکر ساڵح ئیبراهیم خەفەت)لە ڕێکەوتی ١٧- ٦- ٢٠٢٢ لەشاری کەرکوک، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٥٤)ە لە عەلەغێر، پیشەی کاسبە، دانیشتوی گوندی عەلەغێرە.

(xlix)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حەسەن حەمەدەمین محەمەد) لە ڕێکەوتی ٢٨- ٦- ٢٠٢٢ لەقەزای دوبز، ناوبراو لەدایک بوی ساڵی(١٩٤٩)یە لەشاری دوبز، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتوی شاری دوبزە.